## چالاکیەکانی ئەنجومەنی سەندیکا لە ماوەی نێوان (3/1 تا 2024/4/30)

1. دەوامی رۆژانەی سەندیکا بۆ رایی کردنی کاروباری ئەندازیاران‌و نووسینگەکان‌و میوانەکانی‌و پێشوازی کردن لێیان.
2. بەشداری کردن لە پرسەی ئەندازیاران‌و کەسوکارەکانیان چی بە ئامادەبوون، تەلەفۆن، یان ناردنی پەیام بووبێت.
3. یارمەتیدانی ئەندامەکانمان لە کاتی هاوسەرگیری، نەخۆشی، پرسە، رووداو... هتد، بە پێی رێنماییەکی تایبەتی سندوقی هاوکاری بۆ ئەم حاڵەتانەش لەم دوو مانگەدا یارمەتی دارایی (7) ئەندازیار دراوە بە کۆژمەی (2.100.000) دینار.
4. پشتگیری کردنی ئەندامەکانمان بە نووسراوی فەرمی بۆ کاروبارەکانیان بۆ هەر شوێنەك داوایان کردبێت.
5. وەرگرتنی دەرچوانی کۆلێژە ئەندازەییەکان بە ئەندام لە چوارچێوەی یاساو پەیرەوی ناوخۆی سەندیکا.
6. تەواوکردنی مامەڵەو بریاردانی بە ئەندامبوون بۆ (203) داواکاری بە ئەندامبوون.
7. تەواوکردنی مامەڵەی نویٚ کردنەوەی ناسنامەی (426) ئەندازیار.
8. تەواوکردنی مامەڵەی (67) ئەندازیاری داواکار بۆ بەرزکردنەوەی پلەیان بۆ راوێژکارو (97) بۆ پلەی رێپێدراو، (100) بۆ پلەی کارا لە چوارچێوەی یاساو پەیرەوی ناوخۆی سەندیکا. (دوو مانگ جارێك لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە ئەنجام دەدرێت).
9. نوێکردنەوەی ناسنامە بەسەرچووەکانی ئەندامە هەمیشەیی‌و بیانیە تۆمارکراوەکان بەپێی رێنمایی تایبەت.
10. بەشداری کردن لەو سیمینارو وۆرکشۆپ‌و کۆنفرانس‌و دیدارو کۆبوونەوانەی بانگهێشت کراوین.
11. دیدارو کۆبونەوەو سەردانمان بەپێی پێویست بۆلای بەرپرسان‌و وەزارەت‌و دامودەزگا حکومی‌و رێکخراوەکان‌و کۆمپانیاکان‌و کەرتی گشتی‌و بەداواچوون لەسەر کارە سەندیکایی‌و ئەندازەیی‌و داواکاری ئەندامەکانمان.
12. بەدواداچوون‌و بەسەرکردنەوەی نووسینگە ئەندازەیی‌و راوێژکاریە دامەزراوەکان‌و ئەنجامدانی داواکاری‌و کارەکانیان.
13. بەدواداچوون بۆ ئۆفیس‌و کارو پرۆژەکانی نووسینگە ئەندازەیی‌و راوێژکاریەکان کارو چالاکیەکانیان بۆ ساڵی 2024.
14. ئەنجامدانی پشکنین‌و بەدواداچوون‌و پێدانی مۆڵەتی پیشەیی کارکردن بۆ (5) نووسینگەی نوێ.
15. بەدواداچوون لەسەر پرۆژە ئەندازەییەکان‌و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەم پرۆژانە.
16. رۆژانە بەدواداچوون لەسەر کێشەی پرۆژەی شاری ئەندازیارانی داگیرکراو لەگەڵ پارێزەرمان‌و لەرێگای ئەویش لە دادگاکان.
17. لە کاتژمێر (10:00)ی سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی (2024/3/3)، بە شاندێك بەشداری کردن لە کۆربەندی رێکارە جیاوازەکانی پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان‌و شارەوانی کە لەلایەن کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین رێکخرابوو کە تیایدا شاندی سەندیکاکەمان نەقیب‌و جێگری ئەندازیاران تیشکیان خشتە سەر هەندێ لە گرفتەکان‌و رێگا چارەکان.
18. لە کاتژمێر (4:00)ی ئێوارەی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی (2024/3/3)، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ پارێزەرمان بۆ بەدواداچوون لەسەر سکاڵاکەمان لەسەر کێشەی شاری ئەندازیاران‌و دوا هەنگاوەکان بۆ چاپی کتێبی دۆکیومێنتاری یاسایی ئامادەکراو لەسەر پرۆسەی دادگایی ئەم کێشەیە.
19. لە کاتژمێر (9:30)ی سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە رێکەوتی (2024/3/4)، سەردانی بارەگای (ETTC) بۆ بەسەرکردنەوەی بەرپرسانی سەنتەرو گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژانەی کە ئومێد دەکرێت لەکاری هاوبەشی‌و پێکەوەیی ئەنجام بدرێن لە پرۆژەیەکی تری هاوشێوەی داهاتوودا.

20. لە کاتژمێر (12)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2024/3/4)، ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ قوتابیانی دوا قۆناغی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سۆران لەسەر بەرچاوونیان بۆ ژیانی پیشەیی‌و بازاری کارو شارەزایی لەسەر سەندیکاکەیان.
21. کاتژمێر (12)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە (2024/3/6)، ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ قوتابیانی دوا لە قۆناغی کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری دهۆك لەسەر بەرچاوونیان بۆ ژیانی پیشەیی‌و بازاری کارو شارەزایی لەسەر سەندیکاکەیان.
22. لە کاتژمێر (10:00)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2024/3/6)، بەڕێوەچوونی دانیشتنی دادگا لەسەر کێشەی دادگایی شاری ئەندازیارانی داگیرکراو بەهۆی ئامادەنەبوونی پارێزەری پێشوومان کە سکاڵای لەسەرە، دانیشتنەکە دواخرا بۆ ڕۆژی (2024/3/28).
23. لە کاتژمێر (10:00)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (2024/3/7)، بە یاوەری پارێزەرمان بۆ بەدواداچوون لەسەر سکاڵاکەمان لەسەر کێشەی شاری ئەندازیاران سەردانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کرا بۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنەکەو بەهۆی ئامادەنەبوونی پارێزەری پێشوومان کە سکاڵای لەسەرە، دانیشتنەکە دواخرا بۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (2024/3/28).
24. لە کاتژمێر (11)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە (2024/3/7)، ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ قوتابیانی دوا قۆناغی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین لەسەر بەرچاوونیان بۆ ژیانی پیشەیی‌و بازاری کارو شارەزایی لەسەر یاساو پەیڕەوو ماف‌و ئەرك‌و چالاکیەکانی سەندیکاکەیان.
25. لە کاتژمێر (11)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2024/3/9)، ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لیژنەی باڵای یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەندازیارانی یەکگرتووی ئیسلامی‌و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆسەی ئەنجامدانی کونگرە.
26. لە کاتژمێر (11)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە (2024/3/10) لەسەر بانگهێشتی ڕاگرایەتی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین بە شاندێك بەشداری کردن لە پێشبڕکێی (Spaghetti Bridge Competition) کە بۆ قوتابیانی قۆناغی کۆتایی بەشی شارستانی کۆلێژی ئەندازیاری چەند زانکۆیەك لە هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین‌و (ACI) چاپتەری کوردستان ڕێکخرابوو کە تیایدا نەقیبی سەندیکا ووتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.
27. لە کاتژمێر (10:00)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2024/3/11)، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ پارێزەری سەندیکا بۆ گفتوگۆ لەسەر دوا پێشهات‌و هەنگاوە پێویستەکانی کێشەی دادگایی پرۆژەی شاری ئەندازیاران‌و هەنگاونان بۆی.
28. لە کاتژمێر (10:00)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2024/3/12)، سەردانی سۆران‌و بەشداری لە پرسەی
29. لە کاتژمێر (11:00)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2024/3/14)، ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ (م.س)/ بەشی (ر.ج.پ)ی (پ.د.ك) بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆسەی یەکگرتنەوەو ئەنجامدانی کۆنگرەی هاوبەش.
30. مانگی ئاداری 2024 چاپ کردنی کتێبی سەندیکا بەناوی (مدينة المهندسين في اربيل بين التحدي والتعدي).
31. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2024/3/27)، دواخستنی دادبینی دادگایی لەسەر کەیسی محامی ئازاد چۆمانی‌و بەهۆی ئامادەنەبوونی دادوەر دواخرا بۆ (2024/5/5).
32. لە کاتژمێر (10 تا 11)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (2024/3/28)، شاندی سەندیکا بە یاوەری پارێزەرمان سەردانی لیژنەی بەرزەفتی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کرا بۆ دادبینی سکاڵاکەمان لەسەر پارێزەری پێشوومان سەبارەت بە کێشەی پرۆژەی شاری ئەندازیارانی داگیرکراو وە دادبینیەکە لەسەر داوای سکاڵالێکراو دواخرا بۆ (2024/5/2) بۆ هێنانی دۆسییەیەك لە دادگا کە هیچ پەیوەندیەکی بەو سکاڵایەی ئێمەوە نیە.
33. لە (11-2024/4/14) شاندێك لە سەندیکا بەشداری کردن لە (13)ەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ( Health and Design) کە لە شاری میلانۆی ئیتاڵیاوە لەلایەن زانکۆی پۆلیتەکنیکی میلانۆ بەڕێوەچوو.
34. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2024/4/20)، ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای پرۆسەی یەکگرتنەوە لە کەرکوك سەبارەت بە کۆنگرەو بڕیاردان لەسەر دەرکردنی بەیاننامەیەك بۆ ڕای گشتی.

35. کاتژمێر (9)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە (2024/4/22)، شاندێکی سەندیکا بەشداری کرد لە کۆنفرانسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هوتێل ڕۆتانای شاری هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم.
36. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2024/4/22) ، شاندێك لە سەندیکا بەشداری کرد لە (23)هەمین کۆنگرەی (SDD)و (IEEE) لە هوتێل دیدەمانی شاری هەولێر.
37. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2024/4/22) لەلایەن بەڕێز جێگری نەقیب، ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ قوتابیانی دوا قۆناغی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی کۆیە.
38. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2024/4/22) لەلایەن بەڕێز جێگری نەقیب، ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ قوتابیانی دوا قۆناغی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی کۆیە.
39. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (2024/4/23) لەلایەن بەڕێز جێگری نەقیب، ئەنجامدانی سیمینارێك بۆ قوتابیانی دوا قۆناغی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆکانی سلێمانی، هەڵەبجەو کۆیە.
40. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (2024/4/25)، شاندێکی باڵای سەندیکا بەیاوەری پارێزەرمان بەشداری کرد لە پرۆسەی دادگایی کێشەی شاری ئەندازیارانی داگیرکراو کە تیایدا کاك ئاوات علی صالح وەك کەسی سێیەم داواکرابوو هەروەهاش نەقیبی سەندیکا موداخەلەیەکی ڕوونکردنەوەی بابەتی کێشەکەی پێشکەش بە دادگا کرد.
41. لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (2024/4/25)، ئاراستەکردنی نووسراوێکی هاوبەشی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیاران بە ژمارە (س.ی/2024/28) بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان سەبارەت بە داکۆکی کردنە سەر بڕیارەکەی حکومەت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئەندازیاران‌و کارمەندانی ناوخۆیی لەسەر پرۆژە ئەندازیارییەکان.
42. لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2024/4/27)، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش سەبارەت بە کۆنگرەی یەکگرتنەوە کە تیایدا ئاماژەکردن بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم نەبەستنی کۆنگرە لە کاتی دیاریکراویدا خۆیدا لە (2024/4/27).
43. لە کاتژمێر (10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (2024/4/28)، شاندێکی باڵای سەندیکا بەشداریان کرد لە (29)یەمین دیداری عەرەبی بۆ ئاڵوگۆڕی هەلی ڕاهێنان بە بەشداری کۆمەڵێك زانکۆی (کوردستانی، عێراقی، عەرەبی‌و جیهانی) کە لەلایەن زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ڕێکخرابوو وە تیایدا پێشانگایەك کە لەلایەن قوتابیانی بەهرەمەندی کۆلێژەکانی ئەو زانکۆیە ڕێکخرابوو بەسەرکرایەوە لەوانەش قوتابیانی بەشە ئەندازەییەکانی ئەو زانکۆیە.
44. لە کاتژمێر (5)ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (2024/4/28)، بەشداری کردن لە مەراسیمی لەدایکبوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ئەندازیاری تەلارسازی کە لەلایەن ستافی گۆڤارەکە لە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کوردستان ڕێکخرابوو.
45. لە کاتژمێر (5)ی ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2024/4/29)، پێشوازی کرا لە هاوکارانمان سەرۆك‌و دەستەی کارگێڕی لقی هەولێری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان‌و لە دیدارێکدا باس لە پرۆسەی یەکگرتنەوەو ئەنجامدانی کۆنگرەی هاوبەش کراو داکۆکی کرایەسەری. هەروەهاش هەندێ بابەتی پەیوەست بە ئەندازیاران‌و ڕێکخراوەکانیان باس‌و گفتوگۆی لەسەر کرا.
46. لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (2024/4/30) بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك لەسەر کۆنگرەی یەکگرتنەوە وەك وەڵامێك بۆ ئەنجومەنی باڵای ئەندازیارانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان‌و ناهەقیەکانی دەرهەق بە پرۆسەکە.

عبدالرحمن علی کوردە
نەقیبی ئەندازیارانی کوردستان
2024 / 4 /30